# ئەو شەوەی کە گریام!

چڕ و دووکەڵی سیغارەکەی لە ڕوومدا بە تاڵ دەکا. وەک هەمیشە مرچ و مۆنە. چاوێکی لێدەکەم. بۆنی گۆرەوێکانی تا نێو مێشکم دەڕوا. پاڵی وەسەنیرە چڵکنەکەی پشت سەری داوە و لە سووچیکی دیوەکەی ڕاماوە و قونچکە سیغارەکان یەک بە دووی یەکدا دەکەونە سەر قونچکە سیغارە کانی شەوە کانی ڕابردوو. کۆنترۆڵی تلویزیۆنەکەی بە دەستێوە سەر و خوار دەکا. ئاخری دوای دوو سێ جنێو بە ناقایلی لە سە ر یەکی لە شەبەکەکان ڕای‌دەگرێ. بە دەیان خەبەری ناخۆشەوە کە بە دووی یەکدا وەک تیربار دەرژێتە سەری بە لادا خەوی لێدەکەوێ. زەنگی تەلەیفوون ڕاستی دەکاتەوە، دەس درێژ دەکا و دووشاخەکەی دەکێشێتە دەر. بە هەڵکەوت چاوێکم لێدەکا و خەو دایدەگرێتەوە. منیش چاوم لە تلویزیۆنەکە ڕاماوە. ژنێک لە نێو دارستانێکی تاریکدا هەڵدەهات. لە باتی بیکووژێنێتەوە ناغافڵ هەر بێدەنگی کردبوو و ئەو بێدەنگی هێندە ناخوش و پر مەترسی بوو کە دەگەل هەموو پرخەیەکی دڵم ڕۆ دەچوو. ماوەیەکی زۆر بوو لە ماڵ نەچووبوومە دەرێ، دەمەویست هەر چۆنێک بێ تا دەرێ برۆم. هەڵبە ت وە ک جاران دەگەل خۆی. بۆخۆشم خووم بە دووکەلی سیغارەکەی گرتووە و تەنانەت ئەو ماوە کورتەش کە نایکێشێ ئارەزووی دووکەڵەکەی دەکەم پێم وایە زەردی ڕواڵەتیشم هەر ئی وە بێ... یان لە وانەشە ئی ئەو هەمووە شەونخوونی و بە تەنێ بوونەم. سەعات سێی نیوە شەوە، کەچی زەق زەق لە ڕووبەڕووم ڕاماوم ... سێ چوار بەرسوورکە دە گەنە سەر سووتووی سیغارەکان و هەموو ئەو پێستە میوانەی لێرە و لەوێ لەو دیوە شپرێو و سارد و سرەدا بەر بوونەتەوە. جارێک بە پێکەنینەوە خەبەرێکی بۆ خوێندمەوە کە نووسرابوو بەرسوورکەکانیش بۆن و سووتووی سیغارییان پێخۆشە و تەنیا بوونەوەرێکن کە تەنانەت لە بەرامبە ر تیژترین تەشەعشوعاتی ئەتۆمی‌دا خۆیان ڕادەگرن! دوایەش گوتی جا با هەر بڵێن سیغار خراپە!

وەردەسوورێ و نیوە چایەکی کۆن دەرژێتە سەر ڕۆژنامەکەی تەنیشت دەستی. بەرسوورکەیەک لە سەر وێنەی بۆمێکی هەستەیی کە تەقیوەتەوە بینی بە چلکاوی چایەکەوە نا کە ڕۆژنامەکە خەریک بوو هەلی دەنجی. لە بیرمە ئەو لاپەڕەشی بۆ خوێندبوومەوە و زۆرم پێ سەیر نەبوو کە ساڵانە چەن تریلۆن دۆلار خەرجی کەرەسەکانی شەری دەبوو چونکە نەمتوانی تریلۆن لە مێشکم دا جێ کەمەوە و لە خۆم حالی کەم کە مرۆڤەکان ئەو هەمووە چەکە پر مەترسێیان بۆ چیە؟ بە تایبەت کە هەر لەو بەشەشدا نووسرابوو زۆرتری ئەو تەقەمەنییانەش بە سەر ژن و منداڵەکاندا دەتەقێتە وە؟ !!

سەرمایەتی. دەستی لە نێو ڕانەکانی دەنێ و خۆی خر دەکاتەوە و ئەمنیش وەک هەمیشە زگم پێی دەسووتێ. پێم خۆشە هەستم داپۆشمەوە، بەلام بۆخۆشم چی وا لەو چاتر نیم. وازی لێدێنم، دەلێی هەموو گیانم ویشک بووە. وەبیر ئەو دەمانە دەکەومەوە کە دەستی بە شان و پیلی ڕووتم دادێنا و قەت نۆرە قسەی نەدەدام و ئەمنیش پێم خۆش بوو هەر گوێی بدەمێ. ئێستا ئیدی وام خوو پێگرتبوو کە بۆنی ئارەقەکەشیم بە هەموو دەماری خۆمدا هەلدەکێشا و دەروونم لێداخنی. هەموو دنیا بۆ من هەر ئەوە و بەس. جاران کە دەهاتە کنم

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

زۆر وریا بوو کە سووتووی سیغارەکەی نەکەوێتە سەرم بەڵام ماوەیەکە ئەوەشی بۆ گرینگ نیَ، بۆ منیش هەر وەتر تەنانەت زۆر حەول دەدەم رووی لیَ گرژ نەکەم و ئەو زەردەخەنەیەم بپارێزم. بۆ وەی ئەو رستەییم بۆ دووپات کاتەوە:

- بە خودای هیچت نیَ، بیَ عەیبی!

پێم خۆش بوو ئەوەندەم لیَ حالی بیَ کە هەر چەند بە روالەت تێک نەچووبێم لە دەروونەوە تەواو تێک چووم. زیاتر لەوە دەترسام کە بزانیَ و ئیتر بۆی گرینگ نەبیَ، بەڵام ئەو شەوە کە ژنێکی نەناسی هێنا کە ئارایشێکی توندی کردبوو و بۆنی عەترێکی توند هەموو دیوەکەی پر کرد، زانیم کە بە رواڵەتیش ئیتر سرنجی راناکێشم. نەخۆش و کەلەلا بووم و لە بەر چاوی من هەرچی پێی خۆش بوو کردی و شەرمیان لە قسە سووکەکانیشیان نەکرد. دوای وەی پوولێکی دا بە ژنە و رۆیی بە کوڵ گریا و دەستی بە شان و پیلمدا هێنا، فرمێسکەکانی دلۆپ دلۆپ دەتکانەوە سەر روومەتەکانم. ئێستا دەستەکانیشی وەک چاوەکانی سارد ببوونەوە. جاران شێعری دەنووسی چیرۆکی دەنووسی و بە ئیشتیا بۆی دەخوێندمە وە ئێستا ئەوەشی نەمابوو، دەفتەرەکانی لێرە و لەویَ بستێکییان تۆز لە سەرە.

وردە وردە کەرەسەکانی مالێی هەموو فرۆشت. دەمزانی چ باسە. جار و بار وەک مار لە خۆی دەگەوزا و ئەمنیش لە دەروونمدا دەسووتام و لە تاوانی هەموو گیانم دێشا.

رۆژێک کۆنە ئاشنایەکمان هات بە بۆڵەبۆڵ پەردەکەی لادا، پە نجەرەی کردەوە و گوتی:

- ئەوە چۆن نەختکاوی خودا غەزەبت لێگری؟

دوایەش داهاتەوە دەفتەرەکانی تەکاند و هەڵیگرتنەوە. چاوێکی لە من کرد و دیسان گوتی:

- چاو ئەو چارەرەشە چی بەسەرهاتووە. ئاخر پیاو ئەوەی هەبیَ ئاوا بە سەر خۆی دێنی؟ دەسەلاتی وەهام نیَ، بەڵام ئەو دەفتەرانە دەبەم، دەزانم رایان ناگری.

رۆیشت و نەهاتەوە و منیش هەموو دلەراوکەکەم ئەوە بوو چڕ و دووکەڵمان لیَ نەبریَ. چلک و چەپەر و بۆگەنیو لە خۆشمان و لە دار و دیواریش دەباری. هەر چەن وەخت جاریَ یەکێک دەهات و برێکی شت دەبرد و پولێکی لە مستی دەنا. شەویش با، دەردەپەریَ دەر و جاری وابوو تا رۆژ نەدەهاتەوە و ئیتر ئاگای لە من برا. رۆژێک کەسێکی هێنا؛ یەکراست هێنایە کن من. دلم رۆچوو باوەرم نەدەکرد؛ چۆن خەریکبوو منیشی دە فرۆشت؟؟!! کە چی کابرا گوتی:

- جا ئە و کەلاکە بە کاری چ ماوە؟؟

وە ک شێتانم لێهات سارد سارد بوومەوە. بە یەکجاری رۆچنە هیوام لە دەروونیدا وشک بوو. کوڵ لە ئەوکم گیرسابوو. ئەویش چی وا لە من چاتر نەبوو. چاوی لێنە دەکردم بەلام پێی داگرت:

- برێکی بە دەورەدابێی، چادەبیَ و رەنگ هەلدێنیَ. ئاوای چاو لیَ مەکە. روحی وەبەر دێتەوە.

خەریک بوو وەپارانەوە دەکەوت. کە چی کابرا رۆیی. قیژاندی و لە پر پێلاقەیەکی پێدادام:

- بە کاری ئەوەندەش نەهاتی!

بە توندی بە دیواردا کەوتم و گوێم لە تەقە و شکانی سەرم بوو. چاوم لە رەشەوە چوو و ئیدی نەمزانی چم بە سەر هات...

بە لەرەلەری ماشێنێک وەخۆ هاتمەوە. لە بیرم نایەتەوە کەنگیَ سواری ماشێن بووم! سەرم هەروا دێشا. وێدەچوو بمبەنە نەخۆشخانە. بە قسەکانی دوو کەسی نێو ماشێنەکە

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

وەخۆ هاتمەوە:

- پەکوو چی لێهاتبوو. دیار بوو چەند رۆژ بوو مردبوو.

- دەڵێم کارێکی چاکمان نەکرد هەروا بە جێمان هێشت!

- بێدەنگ بە هەتیوە، دەتەوێ لەوەش بەدبەختر بین. چاکە ئەوەندە شتەمان وەگیر کەوت. دەستێکی حیزی بە من داهێنا و دەنگی هێنا خوارێ.

- ئەگەر ئەوە پوولێکمان بۆ بکا باشە دەنا ئەمەش لە برسان دەمرین!

تەزوویەک لە بە ری پێم چۆ ژوور و لە تەپڵی سەرم هاتەوە دەرێ! ئەو کوڵەی لە تەواوی ئەو ماوەیە لە ئەوکم گیرسابوو سەرەنجام رێی بردە دەرێ! فرمێسکەکانم هێدی هێدی هاتنە خوارێ... هەنیسکی گریانم دەنێو لەلەقی لەشم و لەلەری ماشینەکەدا ون ببوو...

مریەم قازی

info@qelem.com
The Iranian Kurdistan Association Of Pen

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com